# شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەم

**رانانی : نەورۆز فوئاد**

یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی مەلا بەختیار (حیکمەت محەمەد کەریم) شۆڕشی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی سەردەمە بە زمانی عەرەبی کە لەلایەن د.بندر علی اکبر (انور مندلاوی) وەرگێردراوەو، بە قەبارەی (335) لاپەڕە لەلایەن دەزگای حەمدییەوە چاپکراوە.

نووسەری کتێبەکە لە وتەیەکیدا ئاماژە بەوە دەکات کە بیری نووسینی کتێبێکی لەم جۆرە لەمێژبوو لە زهنیدا هەبوو، بەتایبەتی دوای وەستانی شەڕی نێوان عێراق– ئێران 1988 – 1989 و شکستی عەسکەری حزبی بەعس لە بەرامبەر شۆڕشی ئازادی کوردستان، کە کاریگەری زۆری لەسەر بیروباوەڕی نووسەر هەبووە، هەروەها کاریگەری سەرجەم ئەو کەلە پیاوانەی لەسەربووە کە بەشداری لە مێژووی شۆڕشی چەکداریان کردووە، لە مێژووی ئەو شۆڕشانەدا وەك (ماوتسی تۆنگ، جەنەراڵ جیان، جیڤارا، کاسترۆ) هاوکات لەگەڵ شۆڕشی هەندێك لە وڵاتان، کە کوردەکانی کوردستانی باشوریش لە شۆڕشدا بوون دژی رژێمی بەعس، بەتایبەتی لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم.




وەرگێڕی کتێبەکەش لە چەند لاپەڕەیەکدا ئاماژەی بە ژیان و قۆناغەکانی ژیانی مەلا بەختیار کردووە، لە زۆرێك لە وردەکارییەکانی ژیانی شۆڕش و رۆڵی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا بینیویەتی، هەروەها لەلایەن د.رەئوف عوسمانەوە پێشەکییەکی بۆ نووسیوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە ئەم کتێبە گرنگی و بایەخی زۆری هەیە لە رووی ئەو بۆچوونانەی کە لەم کتێبەیدا خستویەتیەروو لەگەڵ ئەو شۆڕشە چەکدارییانەی کە گەلانی دونیا کردوونی، سەبارەت بە شۆڕشی ئازادی و راپەرینەکان ئاماژە بۆئەوەش دەکات کە نووسەر زۆر بە دیقەت و بە وردی باس لە رووداو شۆڕشەکانی چارەکی کۆتایی سەدەی پێشوو دەکات، ئەمە جگە لەوەی نووسەر شێوازێکی ئەکادیمی گرتوەتەبەر بۆئەوەی خوێنەر باشتر لە رووداوەکان و مێژووی شۆڕشی ئازادی کوردی و جیهانی تێبگات.

لە سەرەتای کتێبەکەشەوە هەردوو نووسەری میسری خوێندنەوەیەکی رەخنەییان بۆ کتێبەکە کردووە بە ناوەکانی (رجائی فاید، علوانی مغیب) کە بە زمانی عەرەبی بلاویانکردوەتەوە، لە چاپی سێیەمی ئەم کتێبەشدا بە گرنگ زانراوەو بلاوکراوەتەوە، کە رەخنەیەکی زۆر لە مەلا بەختیار نووسەری کتێبەکە کردووە.

کتێبەکە لە نۆ بەش و هەشت پاشکۆی لەخۆ گۆتووەو، لە هەربەشێکیاندا چەند پارێك هەیە، لە سەرەتای بەشی یەکەم ئاماژەی بە وشەی کورد کردووە (کوردو) کە نووسیویەتی پاش گەشەکردنی زمانەوانی وشە کە بووە بە (کورد) کە بە مانای ئازاو تێکۆشەر و سەرکەوتوو دێت، ئەوەی لەم کتێبەدا خراوەتەروو کۆمەڵێك لێکۆڵینەوەیە لەسەر شۆڕشە چەکدارییەکان لە جیهاندا، لەناویشیاندا باس لە راپەرین و شۆڕشە چەکدارییەکانی کوردستان کراوە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بەتایبەتی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی چین و شۆڕشە چەکدارییە جەماوەرییەکانی ڤێتنام و کوباو لاوسیەو کەمبۆدیا، لەگەڵ ئەو شۆڕشانەی لە قارەی ئەفریقاو ئەمریکای لاتین کە هەموو ئەم وڵاتانە بە کوردستانیشەوە شۆڕش بووە دژ بە زولم ز زۆر، کارکردن بووە بۆ ئازادی و دیموکراسی.

نووسەر لە پاشکۆی یەکەمدا ئاماژە بەو بزوتنەوە سەرکەوتوانە دەکات لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە، دواتر دێتە سەر بزوتنەوە چەکدارییەکان کە تا ئێستاش چەکدارن، لە پاشکۆی سێیەمیشدا ئاماژە بە بزوتنەوە فاشیەکان دەکات.

لە دوا پاشکۆی کتێبەکەدا ئاماژە بەو بزوتنەوە چەکداریانە دەکات کە سەرکەوتووبوون و ئەوانەی کە فاشیل بوون لە ئاسیا 38 دەوڵەت هەبووە، شەشیان بزوتنەوەیان سەرکەوتووبوون، هەشتیان بەردەوامن و، حەوتیان سەرنەکەوتووبوون، لە ئەفریقا کە (52) دەوڵەتە، یانزەیان سەرکەوتووبوون، پێنجیان بەردەوامن، حەوتیان سەرنەکەوتووبوون، ئەمریکای باشور (12) دەولەتە، یەك بزوتنەوەی چەکداری سەرکەوتووی تیا نییە، تەنها یەکێکیان بەردەوامەو هەشتیان سەرنەکەوتووبوون، ئەمریکای ناوەراستیش (18) وڵاتە، دوانیان سەرکەوتوو بووەو یەکێکیان بەردەوامەو شەشیان فاشیل بوون، واتە لەکۆی (120) دەوڵەت تەنها (19) بزوتنەوەی چەکداری سەرکەوتنیان بەدەستهێناوەو (28)یان فاشیل بوون و، (15)یان بەردەوامن.